بەهۆی ئەو هەموو پارک و باخچانەی کە لە پایتەختن هەیە ڕێژەی سەوزایی زیادی کردووە

بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان: ماوەی چەند مانگێگە هەڵمەتی گوڵ و دارچاندن دەستی پێکردووەو بەردەوام دەبێت

سەدرەدین عەلی: نۆژەنکردنەوەی (پارکی گڵکەند) کارێکی زۆر شایستە بوو

راپۆرت/ فاتیح بەرزنجی
وێنە / سەید فەخرەدین

ڕازاندنەوەی ناوەندە شەقامەکان بە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و دار و درەختی جۆراوجۆر لەلایەن تیمەکانی سەر بە (بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارک و باخچە)کانە، جگە لەوە ئەندازەی پارکەکان لەماوەی ئەو چەند ساڵانەی دواییدا توانیویانە نزیکەی(**345** پارک) دروستبکەن و سەرپەرشتی ئەو هەموو پارکانە بکەن و لەناوەندە شەقامەکان و چوار ڕیانەکان بۆچەندین جار هەڵمەتی چاندنی گوڵی چوار وەرزی ئەنجامبدەن، تادیمەنی شەقامەکان زیاتر ڕازاوەتر بن. لەو ماوەیەشدا ، لەڕێگەی ئەو (**9**) تیمەگەڕۆکانەی کە هەیانە چەندین هەڵمەتی گوڵچاندنیان ئەنجامداوە. دەربارەی چۆنیەتی خۆئامادەکردنیان بۆ یادەکانی (ئادار و نەورۆز) ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.

نۆ تیمی گەڕۆک بۆ چاندنی گوڵ و دارودرەخت

ئەندازیار "عەبدولواحید ئەحمەد" بەڕێوەبەری ئەندازەی پارک و باخچەکان گوتی: ئەوی کە ئێمە و هاوواڵتیانی دڵخۆشکردووە زیاد بوونی ڕێژەی سەوزاییە لە پایتەخت و چەندین ساڵە شەوو ڕۆژ کاری لەسەر دەکەین، جوانکردن و ڕازاندنەوەی ناوەندە شەقامەکان و چاندنی دار و درەخت و ئەو هەموو گوڵە جوان و ڕازاوانە وایکردووە کە پایتەخت دیمەنێکی شارستانی پێوە دیار بێت و ببێتە جێی سەرسوڕمانی میوانانی بیانی. ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەی سەوزایی زیاد دەکات و لەساڵی **2016** ڕێژەکە **16%**بوو، بەڵام ئەو ڕێژەیە بۆ **17%**پێینت (**6**) پارکەکان) بە سێ شەفت سەرپەرشتی دەکرێت و زۆربەی ئەو دار و درەخت و گوڵانە بەرهەمی نەمامگەکانی خۆمان بووە و دوو نەمامگەمان هەیە و لەلایەن ستافێکی پسپۆڕ و شارەزا سەرپەرشتیدەکرێت.

ئەو گوڵانەی کە بەرهەمیدە هێنین گوڵی وەرزین و لە کۆتایی مانگی ساڵی ڕابردوو دەست بە هەڵمەتی چاندنی دار و درەخت بەردەوامە، بۆ زیاد کردنی ڕێژەی سەوزایی بەپێی ئەو داتایەی کە تۆمارمانکردووە لە ساڵی **2016** تواناوە ڕێژەی سەوزایی بگەیەنینە **16%**و لەساڵی **2017**ش ئەو ڕێژەیە بۆ لە **17%** زیادیکردووە، ئەو هەموو سەوزاییە لە پێناو دەستەبەرکردنی کەشێکی تەندروستە بۆ هاوواڵتیان و دابینکردنی ژینگەیەکی پاک و خاوێن بۆ پایتەخت، ئەگەر قەیرانی دارایی نەبووایە چەندین پڕۆژەی گرنگمان ئەنجامدەدا و داواش لە (سەرۆکایەتی شارەوانی) دەکەین کە مۆڵەت بە کارگەکان نەدات کە ئەگەر بە ئیحتیباسی حراری لە زانکۆی نیو ساوپ ویلز لە گۆڤاری (نیو ساینتست)لەڕۆشنایی ئەو مەترسیانەدا دەڵێ: دەبی پلانی خێرامان هەبێت بۆ ئەومەترسیە لە ناکاوانە و بەتایبەتیش دیزاینی باڵەخانەکان و خانوەکان ، بەرگ و قرمیتی سپیان بۆ پێچەوانە کردنەوەی تیشکی گەرما و عازلی جۆراجۆر بۆ سەقفی خانوەکان دابنرێت بۆئەوەی ببنە حەشارگە و ڕووبەری فراوانی دارستان و پارک لەناو جەرگەی شارەکان بینا بکرێت و ئاوێتە بێت بە هەواگۆڕی وەک ئەوەی لە شاری مانهاتن ئامادەکراوە کە بە هەزاران خەڵک خۆیان تیا حەشاردا و چەندین ڕۆژ تیا مانەوە لە ساتەکانی گەرما و بەرزبوونەوەی ڕادەی شێ، ئەگەر نەتواندرا ئەو پێشهات وەمەترسیانە چارەسەربکرێت و وەسائیلی بەدیل بدۆزرێتەوە بۆ چاکسازی لە بوارای ژینگەئەوان بێگومان مرۆڤایەتی تووشی کارەساتی دڵتەزێن دەبێت.(××)

ئیبن خەلدوون پێی وابووە کە مردن زۆربەی بەهۆی برسیەتی و باوبونەوەی نەخۆشی بووە بەهام پەرتەوازەیی دیزاینی خانوەکان و بێ سستەمی هەواگۆڕکی و گەنیو بوون هۆکاری سەرەکی بووە.

ئیبن سینا و ئیبن قیمی جۆزیە لە بواری فکری عمرانی و چەمکی ئاسایش و ڕەوشتی ژینگەیی شوێن پەنجەیان دیارە

پیادەکردنی سستەمی (حسبە) زۆر بە ژێری و پلان بۆ داڕێژراو و پیادەکراوە بۆ هەڵسان بە چاودێری ورد و بەدواداچوون و ڕێک و پێک خستنی بازاڕ و ڕێگا و بان وناوەندەکان. مزگەوت و تکیە و خانەقاکان وە پاکرکردنەوەیان بەردەوامی بەتایبەتیش لەو کاتانەی کە تیمپراتۆرەتی ئیسلامی هێز و توانای فراوانی هەبووە." (×××)

گرنگی دان بە هۆشیاری و سەقافەی ژینگەیی نەک ئەرکێکی تاکە لە کۆمەڵگە بگرە بەرپرسیاتییەکی مرۆیی و ئەخلاقیشە کە جیهان بەدەستە جەمعی و بەیەک گروپ بەرەنگای ئەو پێشهاتانە ببێتەوە.

بۆیە هەڵمەتی زانکۆیی پەروەردەیی و ئایینی و کۆمەایەتی.. زۆر گرنگن بۆ تەرسیخکردنی هۆشیاری ژینگەیی چونکە پاراستنی ژینگە و چاککردنی وبرەودان بە سەقافەی ژینگەیی ئەرکێکی ئایینی و نیشتیمانی و مرۆییە لەهەمانکاتدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانیشە وە لەهەمانکاتدا ئەرکی تاک و کۆمەڵگەشە.

*** ئەندامی ئەنجومەنی باڵای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان.**

سەرچاوەکان :

(1) دکتور مستەفا محمود لە میانەی موحازەرەیەکی بەناوی نەمانی دیناصۆرەکان (×)مجلە العربی العدد 374یناير /1990 وقود المیثانۆل فی المیزان ص 196 و 197
(**) الشرق الاوسط العدد 14335 الاثنین 26/2/ 2018 صفحه 18
(***) مجلە کان التاریخیە/ الفکر البیئی فی الحضارە الاسلامیە/ کمال منصوری/ صفحه 60،59 ، 61

نزیکەی **100**دار بڕوێنن بۆپاک ڕاگرتنی ژینگە ئەوا هەرگیز ژینگەی دەوروبەری کارگەکان پیسنابێت، جگە لەوەش پێویستە ئەو کارگانە سیستەمی (فلتەرێشن) دابنێن تا هەرگیز ژینگەی پایتەخت پیسنەبێت، چونکە ئەو کارگانە بوونەتە هۆکاری پیسبوونی ژینگە، بۆیە دەبێ لەناو ئەو کارگانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر دار و درەخت بچێنرێت، تا(دوکەڵ و خۆڵ و تۆز)ی ئەو کارگانە چیتر ژینگەی پایتەخت پیسنەکەن.

خۆگونجاندن... پێشهاتەکانی ژینگە!!

سەلام کەریم سیدان*

"لە بیابانێکی زامبیا بۆقێک بۆ ماوەی (10) ساڵ خۆی دەئاخنێتە ناخی زەوی وەک تەحەدایەک کە نایەوێ بمرێت و لە هەمانکات خۆی گونجاندوە لەگەڵ بارودۆخی سەختی ژینگەیی ئەو بیابانە ، کە پلەی گەرمی بە ڕۆژ دەگاتە 70پلەی سەدی و بەشەوان دێتە خوار 10 پلەی سەدیی وە تەنها لەو (10) دەساڵەش یەک جار باران دەباڕێت.

مەترسیەکانی سەدەی بیست و یەک کە بەڕۆکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرتووە ئەویش پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و ڕادەی شێ و گڕکان و بومەلەرزە و وشکە ساڵی و ڕەشەبا(اعصار) و بەبیابان بوون و حەریق و لافاوو زیادبوونی ڕێژەی گازی ژەهراوەی وەک (**CO2**) و گازی میسان و خۆڵبارانو وشکە ساڵی توانەوەی بەفری جەمسەرەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان.... نەخۆشیە دڕێژخایەنەکانی وەک ژێرپەنجە وە کەمبوونەوەی ڕێژەی کرێکاری لە کەرتی کشتوکاڵی بەهۆی مەترسی بەرکەوتنیان بە تیشکی مەترسیداری هاوشێوەی تیشکی وەنەوشەیی و گرانبوونی نرخی خۆراک.ئاسایشی جیهانیان خستۆتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە. کە ئێمەش بەشێکی دانەبڕاوی ناو ئەو گۆیی زەویەین.

وە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئاراستەیەکی نوێیە و لە ساڵانی دادی زۆربەی بەشەکانی گۆی زەوی دەگرێتەوە بەپێیبۆچوونی تۆێژەرەوەکانی بواری ئیحتیباسی حراری.

گۆڤاری لانسیت ڕاپۆرتێکی باوکردۆتەوە تایبەتە بە (**26**) دەزگای جیهانی بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی تێیدا هاتووە: (بارودۆخێکی لەناکاوی جیهانی لە ئاسۆ وە تارمایی خۆی دەرخستووە).

وە دوابەدوای ئەو تۆێژنەوەیە ئاماژەی مەترسیدار تر خۆی مەلاس داوە گوایە لە ماوەی (**30**)سی ساڵی دادی ڕێژەی **30%**ی دانیشتوانی گۆی زەوی دووچاری مەترسی مردن دەبنەوە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و ڕادەی شێ لە ناکاو.

وە کامیلۆ مۆرا لە زانکۆی هاوای ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەسانی **2100**دا پێشبینی دەکرێت کە **75%**ی دانیشتوانی گۆی زەوی بمرن ئەگەر ئەو مەترسی و پێشهاتە نەرێنیانە چارەسەرنەکرێن.

وە غرهام بێتزلە زانکۆی کورتنی ئوسترالی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مرۆڤ توانای ژیانی هەیە بۆ چەند کاژێرەک تا **50** پلەی گەرمی بەهام ڕادەی شی گرفتەکە دەنێتەوە کە ئەو ئارەقەکردنەی جەستەی نابێتە هەڵم چونکە هەوا پڕ دەبێت لەو شێیە زیادبووە. جگە لەوانەش دیاردەی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان لە ئەنجامی توانەوەی بەفری جەمسەرەکان پێشبینی دەکرێ کە واتی هۆڵەندا و ڤینیسیا و هیند و بەنگەلادیش و بەندەرەکان و ڕووبەرێکی فراوانی وشکایی دونیا دادەپۆشی و ملیۆنەها هاوواتی دەربەدەر و بێ ماڵ و حال بمێننەوە.

زیادبوونی گازە ژەهراوەیەکان هۆکارن بۆ تێکچوونی بەشێک لە چینی ئوزۆن کە بۆشایی ئەو چینە وای کردووە کە "تیشکی ژێرەوەنەوشەیی بەڕێژەی **20%** زیادبکات و کاریگەی کردۆتە سەر باوبونەوەی نەخۆشی ژێرپەنجەی پێست بەتایبەتی لە وەاتانی وەک ئوسترالیا و بەردەوام و ڕۆژانە هۆشیاری دەدرێتە هاواتیان بۆ خۆدانە بەر خۆر کاتەکان دیاری دەکەن وە مەترسیەکانی بەرزبوونەوەی **UVB** لە ڕێیی شاشەی ئەلیکترۆنی و تۆرە کۆمەایەتی ولافیتە و ڕادیۆ و تیڤیەکان دەگەیەنن بە هاواتیان و گەشتکاران. ئەو تیشکە هەمدیسان قەوزەی ناو دەریا و گۆماوەکان دەمرێنێکە سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی ماسی و بوونەوەرە دەریاکانە وەمەترسی ڕاستەوخۆی بۆ چاوەکانی مرۆڤەکە تووشی ئاوی سپی دەکات دەکات".

" سالانێکە زانایانی ئوسترالیا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە لە ڕێی بەکارهێنانی ئیفرازاتی میسان و (**m85**) لە جیاتی بەنزین بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی (کلۆرۆفلۆرۆکاربونات) لە بەرگەهەوا زەمانەتی تێکچوونی ئۆزۆن کەمتر دەکاتەوە".(×)

وەزانایانی ئەمریکی بەتایبەتی لە بواری وزە توانیویانە کە دیزاینی گوندیکی بەناوی هایندبۆرک بکەونەوە کە سەرتاپای پیداویستی لە وزە لە گازی هایدرۆجینە هەتا ئەو پاشماوەی گرۆزی سەیارەکە دەبیتە ئاوی موقەتەر و ڕاستەوخۆ دەخوریتەوە. کە ئەوە پیشهاتێکی موژدەبەخشە بۆ پاراستن و چاککردنی بواری ژینگەیی.

بیرکنز کیرک شارەزا لە ناوەندی توێژینەوەی تایبەت